

## لە کەشوهەوایەکی ناوازەدا

# خەڵاتەکانی ئۆسکاری ٢٠١٧ دابەشکران

**ڕۆژی ٤ی ئادار لە لۆس ئەنجلۆس ئاهەنگی (٩٠)ەمینی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئەکادیمیای زانست و هونەرەکانی سینەمای ئەمریکی (ئۆسکار) ئەنجامدرا و چەند ڕۆژێک لە وادەی ساڵانەی خۆی دواخرا بە هۆی ئەنجامدانی خولی ئۆلۆمپی یارییە زستانییەکان.**

● **باشترین فیلم**

دوای ململانێیەکی بەهێز لە نێوان ژمارەیەکی فیلمی پاڵێوراو بۆ ئەم خەڵاتە وەك فیلمەکانی (کۆڵ می بای یۆر نیم)و (دارکست ئۆر) و (دانکیرك) و (گێت ئاوت) و (لەیدی بیرد) و (ڤانتۆم سرید) و (زە پۆست) و (سری ئاوتساید ئیبینگ میرۆزی) فیلمی (زە شیپ ئۆف وتەر) کە فیلمێکی خەیاڵییە و لە دەرهێنانی گییر مو دیل تۆرۆیە، توانیی خەڵاتی باشترین فیلم بەدەست بهێنێت. ئەم فیلمە دوو خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بە دەست هێنابوو لەوانە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر.

*باشترین ئەکتەری سەرەکی - پیاو

گاری ئۆڵدمانی بەریتانی بە فیلمی (دارکست ئۆر) توانی سەرکەوێت بەسەر هەر یەکە لە ئەکتەری لاو تیمۆسی چالامیت بە فیلمی (کۆڵ می بای یۆر نیم)، ئەکتەری خاوەن

ئەزموون دانیال دی لویس بە فیلمی (ڤانتۆم سرید)، دانییل کالۆیا بە فیلمی (گێت ئاوت) و دیزل واشنتن بە فیلمی (رۆمان ج ئیزرائیل).

* باشترین ئەکتەری سەرەکی - ئافرەت

لەم بەشەدا هەر یەکە لە مارگۆ رۆبی بە فیلمی (ئای تۆنی) و سیرشا رۆنان بە فیلمی (لەیدی بیرد) و فرانسیس ماکدرۆماند بە فیلمی (سری بیلبۆرد ئاوتساید ئیبینگ میزۆری) و سال هاوکینز بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) و خانمە ئەکتەری خاوەن ئەزموونی میریل ستریب بە فیلمی (زە پۆست) پاڵێوراوی بە هێز بوون، بەڵام لە کۆتاییدا فرانسیس ماکدرۆماند خەڵاتەکەی بەدەستهێنا.

● باشترین ئەکتەری لاوەکی - پیاو

لە بەشی باشترین ئەکتەر لاوەکیی پیاواندا کە ژمارەیەك ئەکتەر پاڵێوراو بوون، سام رۆکویل بۆ فیلمی(سری بیلبۆردز ئیبینج میزۆری) خەڵاتەکەی بەدەستهێنا لە نێوان هەر یەکە لە ویلیەم دفۆ بە فیلمی (زە فلۆریدا پرۆجێکت) و وودی هاریلسۆن بە فیلمی (سری بیلبۆردز ئیبینج میزۆری) و ریچارد جینگز بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) و کریستۆڤەر بلۆمر بە فیلمی (ئال زە مانی ئین زە وورلد) .

● باشترین ئەکتەری لاوەکی - ئافرەت

ئەلیسۆن جانی بە فیلمی (ئای تۆنی) خەڵاتی باشترین ئەکتەری لاوەکی ئافرەتی بەدەستهێنا ئەمەش یەکەم خەڵاتی ئۆسکارە کە ئەم خانمە ئەکتەرە تەمەن (٥٨) ساڵییە لە ژیانی خۆیدا بەدەستی دەهێنێت، لەم فیلمەدا کە باس لە ژیانی یاریزانی خلیسکەی سەر بەفر تۆنیا هاردینگ دەکات، ئەلیسۆن رۆڵی لاڤۆنا گوڵدن دەبینێت کە دایکێکی بەدبەختی ئەو کچە یاریزانەیە.

● باشترین دەرهێنەر

بە یەکێك لە گرنگترین خەڵاتەکان دادەنرێت، دەرهێنەری مەکسیکی گلیر مۆد دیل تۆری بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) توانی خەڵاتەکە بە دەست بهێنێت لە نێو پێنج دەرهێنەر کە پاڵێوراو بوون، ئەوانیش: کریستۆڤەر نۆلان بە فیلمی (دنکیرك) و جۆردن بیل بە فیلمی (گێت ئاوت) و گریتا گارینگ بە فیلمی (لەیدی بیرد) و پاول تۆماس ئەندرسۆن بە فیلمی (ڤانتۆم سرید).

● باشترین فیلمی بیانی

فیلمی (فانتاستیك وومن) کە فیلمێکی چیلییە، خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی بەدەستهێنا، ئەمساڵ بۆ یەکەم جار فیلمێکی لوبنانی پاڵێوراو بوو بۆ ئەم خەڵاتە، ئەویش فیلمی (کەیسی ٢٣) بوو لەگەڵ فیلمی (لۆفلیس) کە فیلمێکی رووسییە و فیلمی (ئۆن زە بەدی ئەند زە سول) کە فیلمێکی یۆنانییە، لە سویدیش فیلمی (زە سکویر) پاڵێوراو بوو.

● باشترین گۆرانیی فیلم

بۆ ئەم خەڵاتەش پێنج گۆرانی پاڵێورابوون، ئەوانیش: گۆرانی «Mighty River» لە فیلمی Mudbound و گۆرانی «Mystery of Love» لە فیلمی Call Me by Your Nam و گۆرانی «Stand Up for Something» لە فیلمی Marshal و گۆرانی «This Is Me» لە فیلمی The Greatest Showman، بەڵام لە کۆتاییدا گۆرانیی «Remember Me» لە فیلمی Coco خەڵاتەکەی بەدەستهێنا.

● باشترین سیناریۆ


فیلمی (گێت ئاوت) لە نووسینی (جۆردان بیل)، خەڵاتی باشترین سیناریۆی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی سەرکەوت بەسەر ئەمیلی گۆردن و کۆمیل نانجیانی لە فیلمی (زە بیگ سیك) و جریتا جیرۆج لە فیلمی (لەیدی بیرد) و جییرمۆ دیل تۆرر و ڤانیسیا تایلۆر لە فیلمی (زە شیپ ئۆف زە ووتەر) و مارتن ماکدۆنا لە فیلمی ( زە بیلبۆرد ئاوت ساید ئیبینج میزۆر.)

ئەم فیلمە باس لە گەنجێکی ئەمریکیی بە رەچەڵەك ئەفریقی دەکات بە ناوی (کریس واشنتۆن) کە سەردانی ماڵی خۆشەویستەکەی دەکات لە ئەورووپا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بۆی دەردەکەوێ کە پێش خۆی ژمارەیەك رەشپێست هاتوونەتە ئەو ناوچەیە و لە بارودۆخێکی نادیاردا ون بوون .

● باشترین سیناریۆی وەرگیراو

فیلمی (Call me by your name) کە لە نووسینی (جیمس ئیڤۆری)یەخەڵاتی باشترین سیناریۆی وەرگیراوی بەدەستهێنا.

# قسەیەک سەبارەت
# بە پەیکەرەکانی شار



فەرهەنگ غەفوور

یەکێک لە سیما شارستانییەکانی هەر شار و ناوچە و وڵاتێک، دانانی پەیکەری کەسایەتییەکانی خودی ناوچەکە، یان پەیکەرێک کە گوزارشت لە شۆڕش، یان گۆڕانکارییەکی گەورە بکات، وەک رەمزێک بۆ رۆڵ و پێگەی ئەو کەسایەتی، یان ئەو راپەڕین و گۆڕانکارییە کە تا هەتایە شوێندەستی لەسەر ناوچەکە و دانیشتووانەکانی بەجێ دەهێڵێ.

کاتێک مرۆڤ بە سەردان روو لە وڵاتێک دەکا، ئەوەی زۆر سەرنجی رادەکێشێ و زووتر پێشوازی لێ دەکا، ئەو پەیکەرانەن کە بە دیدێکی هونەریی مەزنەوە دروست کراون و باسی چیرۆکی رابردوو و شارستانیەتی ئەو گەل و وڵاتەت بە گوێدا دەچرپێنن، گەشتیار لە رێی ئەو پەیکەرانەوە بە زۆر شتی نەبیستراوی ئەو وڵاتە ئاشنا دەبێ و تێڕوانینێکی باش لەسەر خەڵک و حکومەت و وڵاتەکەیشی دەست دەکەوێ. بۆ ئێمەی کوردیش کە خاوەنی زۆرترین شۆڕش و قوربانیدان و خۆڕاگری و قارەمان و رابەر و کەسایەتی شۆڕشگێڕ، یان کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و ئایینی، هونەرمەند و پیشەوەری دەسترەنگین و عاشق و شەیدای زۆرمان هەیە، کە باس و خواس و تێکۆشانیان بووەتە داستان و نەوە دوای نەوە لەسەر زارانە، بۆیە بە زیندووکردنەوەی ئەو رووداوانە، یان کەسایەتییانە لە رێی پەیکەری شایستە و گونجاو، دەرخستنی شارستانیەت و مێژووی رابردووە، کە زۆر حەیفە ئەو مێژووە بە جوانترین شێوە و بە جوانترین و شایستەترین پەیکەری هونەری گوزارشتی لێ نەکرێ.

جێی دڵخۆشی و دەستخۆشییە بۆ شارەوانی و بۆ هونەرمەندانی دەسترەنگینیش کە لە شارەکەماندا کۆمەڵێک پەیکەر هەن، بەشێکیان سەرباری ئەو ئیمکانیەتە سنووردارەی بەردەستیان، بەڵام کاری باش و گونجاون و شایانی ئەوەن کە شەقام و پارکەکانمانی رازاندۆتەوە و بوونەتە







جێی تێڕوانینی خەڵکی خۆمان و گەشتیارانی بیانییش، بەڵام ناوە ناوەش دەبینین کە لێرە و لەوێ هەندێک پەیکەر دادەنرێن کە هیچ هونەرکاری و وەستاکارییەکیان تێدا نەکراوە و لە رووی سمبولییەوە گوزارشت لەو کەسە، یان دیاردەیە ناکەن کە بە ناویانەوە دانراوە، بۆیە لەکاتێکدا کە دەستخۆشی لە خەمخۆریی شارەوانیی شارەکەمان دەکەین، پێشی رادەگەیەنین کە دەبێ بیرۆکەی پەیکەرەکە و دروستکردنیان بۆ ئاگاداری و هاوئاهەنگیی نێوان وەزارەتی رۆشنبیری، یان سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، یان پەیمانگای هونەر جوانەکانەوە بێ و رێنمایی و دیدی ئەوان پێشتر وەرگیرابێ، چونکە ئەوانە لایەنی پەیوەندیدارن و رەنگە بە حوکمی ئیشەکەیان باشتر لە شارەوانی بزانن کە کام بیرۆکە بۆ کام پەیکەر و کام شێواز و کەرەستە لە دروستکردنی و کام پەیکەر بۆ کام شوێن گونجاوە.

بۆیە لە روانگەی دڵسۆزی و خەمخۆریمان بۆ شارەکەمان و بۆ پێگەی هونەر لە شارەکەمان، رووی داوا لە لایەنی جێبەجێکار و شارەوانی دەکەین، کە ئەو بوارە بۆ خەڵکی پەیوەندیدار و ئەکادیمی جێبێڵن، بەر لە ئەنجامدان و دانانی پەیکەرەکان لانیکەم راوێژیان پێ بکەن و باری سەرنج و تێبینییەکانیان بەهەند وەربگرن، هەروەها رووی داوام لە وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندان و یەکیەتی نووسەرانی کورد کە هاوئاهەنگیی زیاتریان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی هەبێت و لە رێی نووسراو و سەردان و ئاڵوگۆڕکردنی را و سەرنج، کارێک بکەن کە ئەو هونەرکارییە هەم لە رووی مێژوویی و هەم لە رووی هونەری خوانەخواستە خەوشی تێ نەکەوێ، بەڵکو بە جوانترین و شیاوترین شێواز و کەرەستە و بیرۆکە و کارسازی دروست بکرێ و لە رێگەی ئەو هونەرەوە بەرگێکی شایستە بە ناوبانگی مێژووی وڵاتەکەمان و کەسایەتییە دیار و ماندوونەناسەکانیدا بکرێتەوە.





## شایی عوسمان:


# لەبەر دڵی باوکم دەمگوت حەز دەکەم ببم بە دکتۆر

شایی عوسمان لەدایکبووی شاری سلێمانییە، لەبوارەکانی فۆتۆمۆدێل و فاشیۆن و ڕێکلام کاردەکات، وەك ئەکتەریش بەشداری لە فیلمی (بازاڕی کۆنەفرۆشان)ی دەرهێنەر( لوقمان غەریب)ی کردووە. سەرەتا وەك کۆمبارس لە دراماکانی شەوانی ڕەمەزان دەرکەوتووە، بە هۆی لێهاتوویی داوای لێکراوە لە کارێکی ئێرانیدا بەشداری بکات.

یەکێك لە ئاواتەکانی باوکی شایی ئەوە بووە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێت بە پزیشك و خۆیشی لەم بارەوە دەڵێ: کە منداڵ بووم باوکم لەتەنیشت خۆی دایدەنیشاندم و دەیوت: شایی ڕۆژێك دێت تۆ دەبی بە دکتۆر،حەزت لە دکتۆری هەیە؟ منیش بۆ ئەوەی دڵی نەشکێ، دەموت: بەڵێ باوکە حەزم لێیە، بەس هیچ کاتێك حەزم لە دکتۆری نەبووە، هەمیشە حەزم لێ بووە ببم بە پەرلەمانتار، لە ئێستاشا هیچیان بەدی نەهاتووە، دوور لە هەردووکیان کاری هونەریم هەڵبژارد، بەڵام دەتوانم لەئایندە یەکێکیان بەدەست بێنم. سەبارەت بە گۆرانی وتنیش شایی دەڵێ:ئیستاش زۆر حەزم لە گۆرانی وتنە، بەڵام هەرکاتێ کە گۆرانیم وتووە، وتویانە ماشەڵڵا دەنگت زۆر ناخۆشە.

یەکەم فیلم کەبەشداریی تێدا کرد(بازاڕی کۆنەفرۆشان) بوو، کە ڕۆڵی کچێك دەبینێت بە ناوی ڕێزان، دەربارەی ئەم ڕۆڵە دەڵێ: سەرەتا کاك (لوقمان غەریب)ی دەرهێنەر، پەیوەندی پێوە کردم وتی: فیلمێکم هەیە و دەمەوێ بەشداربیت و ڕێزان کارەکتەری تۆیە، کاتێک خوێندمەوە، بینیم ڕێزان کارەکتەرێکی هاروهاجە، بە ناو و کارەکتەرەکە خۆشحاڵ بووم، چونکە خۆم زۆر سەرسامم بە (ڕێزان فەرەج)ی ئەکتەر، زۆر جوان ئەدا دەکات، کاتی کەوای پێ وتم زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە وتم لە یەکەم دەرکەوتنم ئەو ڕۆڵەم پێ بدرێ، زۆر باشە و ئەوەش ڕێك کەسایەتیی منە و بە خۆشحاڵییەوە حەز دەکەم بە ڕێزان بانگم بکەن و لەوانەیە ببێ بە نازناوی من.

## کیت وینسڵت:
# پێویستە ئەکتەر بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی کاری نوێ



فیلمی تایتانیك بە یەکێك لە فیلمە هەرە گەورە و ناسراوەکانی سینەمای جیهان دادەنرێت، کە توانیی ژمارەیەکی پێوانەیی لە خەڵاتەکانی ئۆسکار بە دەست بهێنێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی بووە هۆی گەڕانەوەی جمیس کامیرۆنی دەرهێنەر و زیاتر ناساندنی هەردوو پاڵەوانی فیلمەکە کیت وینسڵت و لیۆناردۆ دیکاپریۆ.

لە دوای تایتانیك کیت وینسڵت و لیۆناردۆ بەردەوام کاری جوان و سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکەن و فیلمەکانیان هەمیشە بە سەرکەوتووەکان دادەنرێن، لە بارەی کارەکانی دوای (تایتانیك) کیت وینسڵت دەڵێ: لە دوای تایتانیك زۆر بە باشی لەلایەن جەماوەرە ناسرام بۆیە بەردەوام بووم، هەرچەندە کارەکانم نەگەیشتنە ئاستی تایتانیك، بەڵام تایتانیك هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ من تاکو هەوڵ کاری جوان پێشکەش بکەم و لە چاوی جەماوەردا ئاستی هونەریم دانەبەزێت.

کیت هەروەها دەڵێ: لەو کاتەوە تا ئێستا بەشداریم لە چەندین فیلمدا کردووە کە چیرۆك و سیناریۆکانیان جۆراوجۆر بوون، راستە نەگەیشتوونەتە ئاستی تایتانیك، بەڵام لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو بوون، دیارە ئامانجی سەرەکی هەر ئەکتەرێکیش ئەوەیە کە جەماوەر بە تەواوی لە پەیامەکەی بگات و پێشوازیی لێ بکات.

هەر لەم بارەوە کیت دەڵێت: تایتانیك نەك تەنیا بۆ من و لیۆناردۆ و دەرهێنەری فیلمەکە کارێکی ناوازە بوو، بەڵکو بۆ جەماوەری سەرتاسەری جیهانیش بە هەمان شێوە بوو و ئێستاش وەك فیلمێکی زیندوو ماوەتەوە، بەڵام ناکرێ ئێمە هەر لە خەیاڵی سەرکەوتنەکانیدا بژین، بە پێچەوانەوە پێویستە بەردەوام بین لە پێشکەشکردنی کاری نوێ و هەوڵ بدەین ئەگەر کارەکانمان لە ئاستی (تایتانیك)یش بەرزتر نەبێت، هیچ نەبێ بتوانین بگەینە ئاستی تایتانیك.

## ئەکشای کۆمار:
# بە هونەر دەتوانین ناکۆکییە سیاسییەکان کەم بکەینەوە



سینەما یەکێکە لە هۆکارەکانی گەیاندنی پەیامی ئێش و ئازاری میللەتێك بە جیهان و ئاشنا بوونی گەلان پێی، لە هەمان کاتدا دەکرێ ببێتە هۆکارێك بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی نێوان گەلان و کەمکردنەوەی توندوتیژی و ناکۆکیی نێوان وڵاتان.

هیندستان و پاکستان دوو وڵاتی دراوسێن و لە هەمان کاتدا ناکۆکییەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە، بەشێکی فیلمەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر باس لەو ناکۆکییانە دەکەن و هەمیشە پەیامیان بەرقەراربوونی ئاشتی و تەبایی بووە لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، ئەکشای کۆمار یەکێکە لەو ئەکتەرە ناسراوانەی بۆڵیوۆد کە هەمیشە داوای ئاشتیی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەکات، لەم بارەوەش دەڵێت: لە زۆر شوێنی جیهان ناکۆکی هەیە، زیاتریش لە نێوان وڵاتە دراوسێیەکان بۆ نموونە لە هیندستان و پاکستان جگە لە دراوسێیەتی زۆر خاڵی هاوبەشی دیکە لە نێوانماندا هەیە، بۆیە پێویستە ئەکتەرانی هەردوو لا هەوڵ بدەن ناکۆکییەکان کەم بکەنەوە، چونکە سینەما پەیامێکی پیرۆزی هەیە، زۆربەی کارە سینەماییەکان باس لە ناکۆکیی نێوان باش و خراپ دەکەن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئاشتی و سەقامگیری هەبێت و خەڵکانێك خۆیان دەکەن بە قوربانی لە پێناو خۆشگوزەرانی خەڵکانی دیکەدا.

ئەکشای کۆمار کە بە رۆڵە کۆمیدییەکانی ناسراوە و پێیوایە ئەکتەرانی هەردوو وڵات دەتوانن رۆڵێکی پۆزەتیڤ بگێڕن و دەڵێ: لە بۆڵیوۆد ئەکتەری پاکستانی هەیە کە پێکەوە کار دەکەین و بەشدار دەبین لە فیلمەکاندا، بۆیە من دڵنیام بە هەردوو لامان دەتوانین ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتانمان کەم بکەینەوە و زیاتر لە یەکتریان نزیك بکەینەوە لە رێگای ئەو فیلمانەی پێشکەشیان دەکەین کە پەیامی ئاشتییان هەیە.